# سوورەی ئەعراف ٢٠٦ ئايەته

**سوورەی ئەعراف لە مەککە هاتۆتە خوارەوە و بە (بسم‌الله)وە ٢٠۶ ئايەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دلّلاوێن.

ئەلف، لام، میم، صاد (خوا بە واتايان زاناترە) ﴿۱﴾ (قورئـان) کتێبـێکە بـۆ تـۆ نـاردراوە، جا (لەبەر قسەی دوژمنان) دلّتەنگ و دلّشکاو مەبە تا بەو (قورئان)ە بیانترسێنی، وە (قورئـان) ئامۆژگاری و یاداوەرییە بۆ بـڕواداران ﴿۲﴾ لە (قورئـان) کە لە پەروەرێنەرتـانەوە بۆتـان نـازلّ کراوە، پەیڕەوی بکەن و بێجگە لە خوا لە سەرپەرستانی‌تر پەیڕەوی نەکەن، ئێـوە زۆر کەم پەنـد وەرگرن و دەکەونەوە بیر ﴿۳﴾ ئێمە چەندین شار و ئاوەدانیمان لەناو برد، (چونکە خاوەنەکانیان تاوانبار بوون)، جا عەزابی ئێمە لە دلّی شـەودا یـا بە ڕۆژا کە ئەوانە لە خەوی نیـوەڕۆدا بـوون بۆیان هات ﴿۴﴾ جا لەو دەمەی کە عەزابی ئێمەیان هاتە سەر، قسەیەکیان نەبوو، مەگەر ئەوە کە وتیان: بەڕاستی ئێمە ستەمکار بووین و ناحەقیمـان لە خۆمـان کـرد ﴿۵﴾ جا بـێ‌شـک لە کەسـانێ کە پێغەمبەرانیـان بـۆ نـاردرا دەپرسـینەوە و لە پێغەمبەرانـیش دەپرسـین ﴿۶﴾ بە هەقیقەت ئاگایانە (کار و کردەوەیان موو بە موو) سەرلەبەر بە تەواوی بۆ دەگێـڕینەوە، ئـێمە قەت لیان بێ ئاگا نەبووین ﴿۷﴾ هەلّسەنگاندن و نرخاندنی کاری ئەوان لەو ڕۆژەدا حەقە و دێ، جا کەسانێ کە تای تەرازووی (کاریان) قورسە، هەر ئەوانیش ڕزگـارن ﴿۸﴾ کەسـانێ کە تـای تەرازووی (کاریان) سووک بـێ، جا ئەوانە کەسـانێکن کە دەسـمایەی خۆیـان بە خەسـار داوە، لەبەر ئەوەی سـەبارەت بە نیشـانەکانی ئـێمە غەدر و سـتەمیان دەکـرد ﴿۹﴾ بە هەقـیقەت ئێوەمان لەسەر گۆی زەوی دامەزراند و هۆی ژیانی جۆربەجۆرمـان بۆ سـازدان، (بەلاّم) زۆر کەم شـوکرانەبژێری دەکەن ﴿۱۰﴾ بە هەقـیقەت ئێوەمـان بەدیهێنـا، لە دواییـدا شـکلّ و بیچمـی ئێوەمـان ڕێـکخسـت، لە پاشـان بە مەلائیکەمـان وت: سـوژدە بەرنە بەر ئـادەم، جـا ئەوان سوژدەیان بۆ برد، مەگەر ئیبلیس نەبێ کە لە سوژدەبەران نەبوو﴿۱۱﴾

(خوا بەوی) وت: چ شتێک تۆی لە سوژدە بردن گێڕاوە، لەو دەمەی وا فەرمانم پێدای؟ وتی: من لەو چاترم، منت لە ئاگر خەڵق کردووە و ئەویشت لە قوڕ دروست کردووە ﴿١٢﴾ وتی: جا لەو (پلە) بڕۆ خوارێ: چونکە تۆ هەقت نییە لەو (پلەدا) خۆت بە زلتر دابنێی، بڕۆ دەرێ، بەڕاستی تۆ لە تاکەتاکی سووک و چرووکانی ﴿١٣﴾ (شەیتان) وتی: تا ڕۆژی زیندوو بوونەوە مۆڵەتم بدە (و زیندوو ڕامگرە) ﴿١٤﴾ (خوا) فەرمووی: تۆ لە ماوە دراوە کانی ﴿١٥﴾ وتی: جا بەوەی کە منت لە ڕێگا لادا، بە یەقین من لەسەر ڕێگای ڕاستی تۆ بۆ ئەوان خۆ لە تەماڵ ئەدەم ﴿١٦﴾ لە دواییدا بە هەقیقەت لە ڕووبەڕوویان و لە پشت سەریانەوە و لە لای ڕاست و لە لای چەپیانەوە ئەچمە جەستەیان، زۆربەی ئەوانەت بە شوکرانەبژێر گیر نایێ ﴿١٧﴾ (خوا) فەرمووی: لەو (پلە) بڕۆ دەرێ، ناو زڕاوی تڕۆ کراو نەنگت بێ، سوێند دەخۆم کە هەرکەس لەوانە بە دوای تۆ کەون، جەهەندەم لە ئێوە هەمووتان پڕ و تەژی دەکەم ﴿١٨﴾ ئەی ئادەم تۆ و خێزانت لە بەهەشت بسەکنن، لە هەرچی کە بتانەوێ بیخۆن، لەم دارە نێزیک مەکەون کە لە ستەمکاران ئەبن ﴿١٩﴾ جا شەیتان کەوتە کلێشەی دڵیانەوە تا شەرمینگایان کە پۆشرابوو بیهێنێتە بەرچاویان و دەریخا، وتی: پەروەرێنەرتان بۆیێ نەیهێشتبوو کە نابێ لەو دارە نێزیک ببنەوە؛ نەیویست ئێوە ببنە دوو فریشتە یا بۆ هەمیشە (لە بەهەشتدا) بمێننەوە ﴿٢٠﴾ بۆ ئەوانی سوێند خوارد کە من خێرخوازی ئێوەم بە دڵ ئامۆژگاریتان دەکەم ﴿٢١﴾ جا بەمجۆرە بە فڕوفێڵ ئەوانی بە ژێر هێنا، خستە تەما، جا کاتێ لەو دارە (میوە)یان چشت، عەیب و عار و شەرمینگایان دەرکەوت، ئەوانە دەسیان کرد بە داپۆشینی لەشیان بە بەرگی داری بەهەشت تا خۆیان داپۆشی، پەروەرێنەریان هەرای لێ کردن: ئاخر من بە ئێوەم نەوت توخنی ئەو دارە مەکەون، ئایا بە ئێوەم نەوت: بە هەقیقەت شەیتان بۆ ئێوە دوژمنێکی دیار و ئاشکرایە ﴿٢٢﴾

وتیان: ئەی پەروەریّنەری ئیّمە! لە خۆمان ناحەقیمان کرد، ئەگەر نەمانبەخشی و ڕوحممان پێ نەکەی، بە هەقیقەت لە زیانکاران دەبین ﴿٢٣﴾ (خوا) فەرمووی: (لە پلەی خۆتان) بڕۆنە خوارێ، هەندێ دوژمنی هەندێ ترتانن، بۆ ئێوەش لە زەویدا تا ڕۆژی خۆی قەلە مندارە مایەی ژیان و کەڵک وەرگرتن هەیە ﴿٢٤﴾ فەرمووی: لەو (زەوییە)دا زیندوو ئەبنەوە و تێیدا ئەمرن و لەویّش دەتانهێننەوە دەرێ و وەدەر دەخرێن ﴿٢٥﴾ ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! جلکێکمان بۆ ئێوە نارد کە عەیب و عار و شەرمینگاتان بپۆشێ و جوانیشتان بکا، جلکی پارێزگاری لەویش باشترە، ئەمە لە نیشانەکانی خوایە، بەڵکوو پەند بگرن (و چاکەی خواتان بێتەوە بیر) ﴿٢٦﴾ ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! (وشیار بنەوە) شەیتان نەتانخەڵەتێنێ و بەفریوتان نەبا، هەروەکوو باوک و دایکتانی لە بەهەشت بە دەرکردن دا و جلکەکەشیانی لەبەر دەرهێنان تا عەورەتیان بەوان نیشان بدا، چونکە ئەو و هاودەستانی، ئێوە لە لایەکەوە دەبینن، کە ئێوە ئەوان نابینن، (بەڵام بزانن) ئێمە شەیتانەکانمان تەنیا کردۆتە دۆست و خۆشەویست بۆ کەسانێ کە بڕوا ناهێنن ﴿٢٧﴾ هەرکاتێ کە کارێکی کریت و ناحەز دەکەن، دەڵێن: باووباپیرانی خۆمان لەسەر ئەو کارە دیوە و خوا دەستووری پێداوین! بڵێ: خوا قەت دەستوور بە کاری ناحەز و ناشیاو نادا، ئایا بە دەم خواوە درۆیەک دەکەن کە پێی ئاگا نین و نایزانن ﴿٢٨﴾ بڵێ: پەروەریّنەرم بە دادگەری فەرمانی داوە، لە هەر مزگەوتێکدا ڕووتان (بۆ لای خوا) بسوورێنن و ئەو بانگ بکەن و دینداری پاک و بێخەوش بۆ خوا بکەن (و بزانن) هەروەکوو لە سەرەتاوە ئێوەی خەڵق کرد، (بەو جۆرەش بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ﴿٢٩﴾ دەستەیەکی ڕێنوێنی کرد و دەستەیەکیش شیاوی لاڕێ بوون، ئەوانە لەباتی خوا شەیتانیان کردە سەرپەرست و پشتیوانی خۆیان، لایان وایە کە ئەوان ڕێنوێنی کراون ﴿٣٠﴾

ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! خۆتان بە جلکی جوان لە هەر مزگەوت و ڕووگەیەکدا بڕازێننەوە، بخۆن و بخۆنەوە و زیادەڕەوی مەکەن، بەڕاستی خوا زیادەڕۆیانی خۆشناوێ ﴿٣١﴾ بڵێ: چ کەسێ جلکی جوان و خشڵ و بژیوی پاک و خاوێنێ کە خوا بۆ بەندەکانی خۆی خەڵقی کردووە، بە نارەوای داناوە و حەرامی کردووە؟ بڵێ: ئەمانە لە ژیانی دنیا بۆ کەسانێکە کە بڕوایان هێناوە، لە ڕۆژی پەسڵانیش هەر تایبەتی بڕواداڕانە، ئا بەمجۆرە ئێمە نیشانەکانی خۆمان بۆ کەسانێ کە زانا و ئاگادارن شیدەکەینەوە ﴿٣٢﴾ بڵێ: خوا کار و کردەوەی ناحەز چ بە ئاشکرا، چ بە دزییەوە بە نارەوا داناوە، (هەروا) تاوانی بە ناهەق و هاوبەش دانان بۆ خوا بێهیچ بەڵگەیەک و شتێ کە نایزانن لەخۆڕا بە دەم خواوە مەیڵێن ﴿٣٣﴾ بۆ هەر نەتەوەیەک ماوەیەکی دیاریکراو هەیە، جا کاتێ ماوەیان هات، سەعاتێ پاش و پێشیان بۆ نییە ﴿٣٤﴾ ئەی ڕۆڵەکانی ئادەم! بەڕاستی کاتێ کە پێغەمبەرانێ لە خۆتان بێنە لاتان کە نیشانەی ئێمەتان بۆ بڵێن (بە قسەیان بکەن)، جا هەرکەس بەتەقوا بێ و کاری چاک بکا، نە ترسیان بۆ هەیە و نە غەمناک ئەبن ﴿٣٥﴾ کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە بە درۆ بخەنەوە و لە بەرانبەر ئەواندا خۆ بەزل بزانن، ئەوانە جەهەندەمین و بۆ هەمیشە لەوێدا قەتیس دەمێننەوە ﴿٣٦﴾ جا چ کەسێ لەوە ستەمکارترە کە بە دەم خواوە درۆ هەڵدەبەستێ یا نیشانەکانی خوا بە درۆ ئەخاتەوە؟ ئەوانە بەشیان لەوەی وا لە چاریان نووسراوە پێیدەگەن، تا ئەوکاتەی کە ناردراوانی ئێمە دەچنە لایان و گیانیان دەکێشن، لێیان دەپرسن: لە کوێن ئەوانەی وا بێجگە لە خوا هاوارتان لێدەکرن، ئەڵێن: لێمان ون بوون، بە دژی خۆیان شایەدی ئەدەن کە خوانەناس بوون ﴿٣٧﴾

(خوا) وتی: وێڕای نەتەوەگەلێ وا بەر لە ئێوە تیاچوون ونەمان لەگەڵ (هاوبیرانی) خۆتان لە مرۆڤ و جنۆکە پێکەوە بڕۆنە ناو ئاگر، هەرکاتێ تاقمێ ئەچێ، لە تاقمی پێشووی هاوڕەوشتانی نەفرین دەکا، تا هەموو پێکەوە لەوێدا دەگەنە یەک (لەو دەمەدا تاقمی پەیڕەو ڕوو دەکەنە) پێشەوایانی خۆیان و دەڵێن: ئەی پەروەردێنەری ئێمە! ئەمانەن کە ئێمەیان لاڕێ کرد، جا لە ئاگردا دوو بەرابەر جەزرەبەیان بدە، (خوا) ئەڵێ: بۆ هەر کامەتان جەزرەبە دوو چەندانە، بەڵام نازانن ﴿٣٨﴾ پێشەوایانی ئەوانیش بە پەیڕەوەکانی خۆیان دەڵێن: ئێوەش لە ئێمە زیاتر نین، جا لە تۆڵەی ئەوەی دەتانکرد ئازاری خوا بچێژن ﴿٣٩﴾ ئەوانە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا و ملیان لەوە بادا (خۆیان بە زل دانا)، درگاکانی ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوە و ناچنە بەهەشت، تا وشتر بە کونی دەرزی دروومانەدا نەچێ (واتا چوونیان بۆ بەهەشت ناگونجێ)، ئا بەمجۆرە تاوانباران سزا ئەدەین ﴿٤٠﴾ بۆ ئەوان لە جەهەندەمەدا ڕایەخ و سەرپۆشیان (لە ئاگر) دەبێ هەر هاڵاویش دایپۆشیون، ئا بەمجۆرە ستەمکاران سزا ئەدەین ﴿٤١﴾ کەسانێ کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، هیچ کەسیش لە قەوەت و توانایان بەدەر، ئەرکیان ناخەینە سەر، ئەوانە بەهەشتین و لەوێدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە ﴿٤٢﴾ ئەوەی لە کینە و ڕق لە دڵیاندا هەبوو دەرمان هێنا، لە بەهەشتدا، بە ژێر (کوشک و دارەکانیانەوە) چۆمەئاو بەخوڕ دەڕوا و ئەڵێن: سپاس تایبەتی خوایە کە ئێمەی بۆ ئەمە ڕێنوێنی کرد، ئەگەر خوا ئێمەی ڕێنوێنی نەکردبا، ڕێمان نەدەدۆزییەوە، بە هەقیقەت ناردراوانی پەروەردێنەری ئێمە هەقیان هێنا (لەو دەمەدا) هاواریان لێ کرا کە ئەم بەهەشتە لە پاداشی کار و کردەوەتاندا بە میرات بە ئێوە گەییوە ﴿٤٣﴾

دکتور سالح ئیبراهیمی



بەهەشتییان گازیان لە جەهەندەمییان کرد کە ئێمە بە هەقیقەت بەوەی وا پەروەرێنەرمان بەڵێنی پێدابووین پێی گەیشتین، ئاخۆ ئێوەیش، وەک هەرەشەتان لێکرابو، هەروا دەرچوو؟ ئەڵێن: بەڵێ، جا لەپڕدا لە نێو ئەواندا یەکێ بانگ ڕادێڵێ دەڵێ: دەک لەعنەتی خوا لە ستەمکاران بێ ﴿٤٤﴾ ئەوانەی کە (خەڵک) لە ڕێگای خوا دەگێڕنەوە و دەیانویست ئەو ڕێگایە خواروخێچ نیشان بدەن، ئەوان ئاخیرەت ئینکار ئەکەن خوانەناسن ﴿٤٥﴾ لە نێوان ئەو دووانە (بەهەشتییان و جەهەندەمییان)دا پەردەیەک هەیە و لەسەر ئەعراف پیاوانێک هەن کە هەر یەکە لەو دوو تاقمە بە ناوچاوان و دیمەنیانەوە دەیاننانسن، و هەرا لە بەهەشتییان دەکەن کە هێشتا نەچوونەتە بەهەشت بەڵام بەتەمان بچن، سڵاوتان لەسەر بێ ﴿٤٦﴾ هەرکاتێ لە جەهەندەمییان ئاوڕ دەنەوە و چاویان پێیان دەکەوێ، دەڵێن: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! ئێمە لەگەڵ هۆزی ستەمکاران مەخە ﴿٤٧﴾ ئەوانەی لەسەر ئەعرافن، لەو مرۆیانە وا بە دیمەنیانەوە دەیاننانسن، هەرایان لێدەکەن و پێیان دەڵێن: گردەوکۆیی و فیز و خۆ بەزل زانینتان بێ نیازی نەکردن، کەڵکی بۆتان نەبوو ﴿٤٨﴾ هەر ئەو کەسانە نین کە ئێوە سوێندتان دەخوارد بەر بەزەیی خوا ناکەون، خوا پێیانی وت: بڕۆنە بەهەشت، نە ترستان بۆ هەیە و نە خەفەتیش بخۆن ﴿٤٩﴾ جەهەندەمییان هاوار لە بەهەشتییەکان دەکەن، هەندێ لەو ئاوە، یا ئەوەی وا خوا بە ڕسق و ڕۆزی پێ داون هێندێ بە ئێمە ببەخشن، ئەوانیش ئەڵێن: خوا ئەمانەی لەسەر خوانەناسان ناڕەوا و حەرام کردووە و بەشی نەداون ﴿٥٠﴾ ئەوانەی کە دینی خۆیان بە گاڵتە و کایە دائەنا و ژیانی دنیا ئەوانی بادیهەوا کرد و فریویدان، جا ئەمڕۆ ئێمە ئەوان لە بیر دەبەینەوە، هەروەکوو ئەوان دیداری ئەم ڕۆژەیان لە بیر خۆ بردبۆوە، نیشانەکانی ئێمەیان حاشا و ئینکار دەکرد و ملیان لێ بائەدا ﴿٥١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بە هەقیقەت کتێبێکمان بۆ هێناون کە لە ڕووی زانستەوە ئەومان شی‌کردەوە، (کتێبێ) کە هۆی ڕێنوێنی و ڕەحمەتە بۆ هۆزێک کە بڕوا دێنن ﴿٥٢﴾ ئاخۆ ئەوانە بێجگە لە سەرئەنجامی هەڕەشەکانی خوا چاوەڕوانی شتێکی ترن؟ ئەو ڕۆژەی کە ئەمە ئەنجام ئەگرێ (کار لە کار ترازاوە و)، ئەوانەی کە لەبەرا ئەمەیان لە بیر خۆ بردبوو، دەڵێن: دیارە هەرچی پێغەمبەرەکانی خوا هێنابوویان و گوتیان وەڕاست گەڕا، جا ئایا (ئەمڕۆ) تکاکارانێک بۆ ئێمە هەیە کە تکامان بۆ بکا؟ (یا (ئەگونجێ) بگەڕێندرێینەوە تا کار و ئاکار و کردەوەیەکی چاکتر لە غەیری ئەوەی کردوومانە بیکەین؟! (بەڵام) بە هەقیقەت ئەوانە زەرەریان بە خۆیان گەیاند، ئەو شتانەی بە درۆ سازیان دابوو هەموو لە بەرچاویان بزر (و گوم) بوون ﴿٥٣﴾ پەروەرێنەری ئێوە ئەو خوایە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش (دەورە:) ڕۆژدا دروست کرد، لە پاشان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشت، دەسی‌کرد بە تەگبیرکردنی دنیای هەبوون، بە (پەردەی تاریکی) شەو ڕۆژ دائەپۆشێ و شەو بە دوای ڕۆژدا بە لەز ئەروا، ڕوژ و مانگ و ئەستیرەکانی بەدی‌هێنا، لە حاڵێکدا دەسەمۆی فەرمانی خوان، ئاگادار بن کە ئافراندن و بەدی‌هێنان و ڕاگەیشتن و تەگبیری (جیهان) بۆ ئەو (خوا و بە ئەمری ئەو)ە — فرە و زۆر و پڕ بەرەکەت و بەودم و موبارەک و پیرۆز (و بێ زەوال)ە – خوایەک کە پەروەرێنەری جیهانیانە ﴿٥٤﴾ پەروەرێنەری خۆتان بە گریان و زاری و بە نهێنی بانگ بکەن، بەڕاستی خوا دەس‌درێژکارانی خۆش‌ناوێ ﴿٥٥﴾ لە زەویدا خراپە مەکەن، دوای چاک و ئیسلاح بوونی ئەو، خوا بە ترس و بە هیوا لەبەر خوا بپاڕێنەوە، ڕەحمەتی خوا لە کارچاکان نێزیکە ﴿٥٦﴾ هەر ئەوە پێش بارانە، کە بەزەیی‌یەکە لە خوداوە، باگەلێکتان بە مزگێنی بۆ هەڵدەکا تا کات و سەردەمێک ئەو بایانە هەورە بار قورسەکان (لەسەر شانی خۆیان) هەڵگرن، لەم دەمەدا ئەوانە بۆ سەر زەوی مردوو (ویشک و بێ ئاو) بەڕێ دەکەین، جا بە هۆی ئەوە، ئاو (بارانی ژیان‌هێنەر) دەبارێنین و بەویش هەر جۆرە بەروبوو و میوەیەک (لە خاک) دەروێنین، ئا بەم‌جۆرە (کە زەویی مردوومان زیندوو کردەوە)، مردووەکانیش زیندوو دەکەینەوە، بەڵکوو بیر لەوانە بکەنەوە ﴿٥٧﴾

زەوی پاک و بەپیت بە فەرمانی پەروەرێنەر گیای لێدەڕوێ، بەڵام لە زەوی پیس و قاقر بێجگە لە دڕکودالَی (ی کەم بایەخ) لێی ناڕوێ، ئا بەم تەرزە نیشانەکان بۆ ئەوانەی کە شوکرانەبژێرن بەیان دەکەین ﴿٥٨﴾ بە هەقیقەت ئێمە نووحمان نارده لای هـۆزەکەی خـۆی، جـا بەوانـی وت: ئەی هۆزی من! تەنیا خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێ تر بۆ ئێوە نییە، (ئەگەر غەیری خوا بپەرستن) من بۆ ئێوە لە عەزابی ڕۆژی گەورە ئەترسم ﴿٥٩﴾ (بەڵام) گەورە مرۆیانی هۆزەکەی پێیان وت: ئێمە تۆ لە گـومڕاییەکی ئاشـکرادا دەبینـین! ﴿٦٠﴾ وتـی: ئەی هـۆزی مـن! هـیچ لارێیـی و گـومڕاییەک لە منـدا نیـیە، بەڵام مـن نـاردراوی پەروەرێـنەری جیهانیـانم ﴿٦١﴾ ڕاسپاردەی پەروەرێـنەرم بە ئێـوە ڕادەگەیێـنم و ئامۆژگـاری ئێـوە دەکەم، لە خـواوە شـتانێک دەزانـم کە ئێـوە نـایزانن ﴿٦٢﴾ ئایـا سـەرتان سـووڕماوە کە فەرمـانی ئامۆژگـاری لە پەروەرێنەرتانەوە کە بە هۆی پیاوێک لە خۆتان بۆتان هاتووە تـا (لە سـەرئەنجامی کارەکـانی خراپتان) بتانترسێنی، خۆپارێز بن، ڕەنگە بکەونە بەر ڕەحمەتـی خـوا ﴿٦٣﴾ بەڵام سـەرئەنجام ئەویان بە درۆ خستەوە، ئێمە ئەو و کەسانێ کە لەگەڵ ئەودا لە گەمیدا بوون ڕزگارمان کـردن، ئەوانەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە، لە نێو ئاودا بە خنکاندن دا، ئەوانە تاقمی کوێران (و دڵکوێر) بوون ﴿٦٤﴾ بۆ لای هۆزی عاد، بـرای خۆیـان (هوود)مـان نـارد، وتـی: ئەی هۆزی من! (تەنیا) خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێتر بۆ ئێوە نییە، جـا ئایا لەخـواترس و پارێزگار نابن؟ ﴿٦٥﴾ مرۆڤە مەزنە خوانەناسـەکانی هـۆزی ئەو، وتیـان: تـۆ لە بـێمێشـکیدا ئەبینین، بە هەقیقەت لامـان وایە لە دەسـتەی درۆزنـانی ﴿٦٦﴾ وتـی: ئەی هـۆزی مـن! هـیچ نادانی و بیمێشکییەک لە مندا نییە، بەڵام لە لایەن پەروەرێـنەری جیهانیـانەوە ڕاسـپێردراوم تا ئێوە ئامۆژگاری بکەم ﴿٦٧﴾

دكتور سا لح ئيبر اهيمى



پەیامەکانی پەروەرێنەرم بە ئێوە ڕادەگەیێنم، من ئامۆژگاریارێکی دروسکارم بۆ ئێوە ﴿٦٨﴾ ئایا سەرتان سووڕماوە کە فەرمانی ئامۆژگاری لە پەروەرێنەرتانەوە بۆ پیاوێک لە خۆتان بۆتان هاتووە تا (لە سزای خوا) بتانترسێنی، بێننەوە بیر، کاتێ کە ئێوەی لە دوای هۆزی نووح ئێوەی لە جێ دامەزراندن و قەڵافەت و قووەتی بەدەنی زێدەتریشی پێدان، چاکەکانی خوا بێننەوە بیر تا بەڵکوو ڕزگار بن ﴿٦٩﴾ وتیان: ئایا هاتوویە لای ئێمە کە (پێمان بڵێی) خوای تاقانە بپەرستین و ئەوەی کە باووباپیرانمان دەیانپەرست، تەرکی بکەین؟ جا کەوایە ئەوەی بەڵێنت پێداوین (لە هاتنی بەڵا) بیهێنە، ئەگەر لە ڕاستبێژانی ﴿٧٠﴾ (هوود) وتی: پیسی و چەپەڵی و غەزەبی پەروەرێنەرتان ئێوەی داگرتوە، ئایا لەگەڵ مندا لەبابەت نێوگەلێکەوە جوابەجەنگیم لەگەڵ دەکەن کە ئێوە و باووباپیرانتان (لەسەر بتەکان) داتاننـاوە، لە حاڵێکدا خوا هیچ فەرمانێکی لەبابەت ئەوانەوە نەناردووە، جا لەبەر ئەمە ئێوە چاوەڕوان بن و منیش لەگەل ئێوە چاوەڕوان ئەبم ﴿٧١﴾ جا سەرئەنجام ئەو (هوود) و کەسانێ کە لەگەڵ ئەوا بوون، بە ڕەحمەتی خۆمان ڕزگارمان کردن، ڕەگ و ریشەی کەسانێ کە ئایاتی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە و بڕوادار نەبوون لە بنەوە بڕی و قرتاندمان ﴿٧٢﴾ بۆ لای (هۆزی) سەموود برای خۆیان «سالح»مان نارد، وتی: ئەی هۆزی من! خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێتر بۆ ئێوە نییە، بە هەقیقەت بەڵگەیەکی ڕوون لە لایەن پەروەرێنەرتانەوە بو ئێوە هاتووە، ئەمە وشتری خوایە کە بۆ ئێوە کشگێرییەکە، جا لێی بگەڕێن تا لە زەوی خوادا بلەوەڕێ، ئازاری پێ مەگەیێنن ئەگینا تووشی ئازاری دەردناک ئەبن! ﴿٧٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

بێننەوە بیر کە ئێوەی دوای هۆزی عاد جێنشینی ئەوانی کردن و لەسەر زەوی جێگری کردن کە لە پێدەشتاییەکان کۆشکگەلێ بۆ خۆتان ساز بکەن و لە چیاکان خانووبەرەگەلێ بۆ خۆتان بتاشن، جا (لەبەر ئەمە) نیعمەتەکانی خوا بێننەوە بیر و لەسەر بەدفەڕی و خراپە کردن لە سەرزەویدا پێ دامەگرن ﴿٧٤﴾ مرۆڤە مەزنە خۆبەزلزانەکانی هۆزی ئەو، بە چەوساوەکان کە بڕوایان هێنابوو، وتیان: ئێوە باوەڕتان وایە کە سالْح لە لایەن پەروەرێنەریەوە نێردراوە؟ ئەوانیش وتیان: ئێمە بەوەی پێی ڕاسپێردراوە بڕوادارین ﴿٧٥﴾ کەسانێ کە خۆیان بە زل دەزانی، وتیان: بە هەقیقەت ئێمە بەوەی وا ئێوە بڕواتان پێیەتی حاشای لێدەکەین ﴿٧٦﴾ جا وشترەکەیان پەی کرد (کوشتەوە) و لە فەرمانی پەروەرێنەر ملیان بادا و وتیان: ئەی سالْح ئەگەر تۆ لە پێغەمبەرانی (خوای)، ئەوەی هەڕەشەی لە ئێمە پێ دەکەی بیهێنە! ﴿٧٧﴾ جا سەرئەنجام هەورەبریسکە و بوولەرزە و عەرز هەژێنێکی توند ئەوانی داگرت، هەموو قڕیان کرد، جا لە بەرەبەیاندا (تەنیا) لەشی بێ گیانیان لە ناو ماڵەکانیاندا مابوونەوە ﴿٧٨﴾ جا (سالْح) ڕووی لێ وەرگێڕا و وتی: ئەی هۆزی من! بە هەقیقەت من ڕاسپاردەی پەروەرێنەرم، بە ئێوە ڕاگەیاند و بە خێرخوازی ئامۆژگاریم کردن، بەڵام (چبکەم) ئێوە خێرخوازتان خۆشناوێ ﴿٧٩﴾ لووت (بێنەوە بیر) کاتێ کە بە هۆزی خۆی وت: ئایا کاری شوورەیی و ناشیرین و ناشیاو دەکەن کە هیچ کەسێ بەر لە ئێوە لە جیهاندا کاری (وا چەپەڵ و پیسیان) نەکردووە ﴿٨٠﴾ بەڕاستی ئێوە بە ئارەزووی ناشیاو لە جیاتی ژنان ئەچنە لای پیاوان، دیارە ئێوە لە بنەڕەتا هۆزێکی دەسدرێژکەرن ﴿٨١﴾

وەلآمی هۆزەکەی تەنیا ئەوە بوو، وتیان: ئەمانە لە ئاوایی خۆتان دەربکەن، بەڕاستی ئەمانە مرۆگەلێکن کە دەیانەوێ بە پاکوخاوینی بژین ﴿٨٢﴾ جا ئێمە ئەو و (یارەکانی) و بنەماڵەی ئەومان ڕزگار کرد، هەرتەنیا ژنەکەی نەبێ کە لەگەڵ بەجێماوەکانی (شار) کەوتبوو ﴿٨٣﴾ بارانمان بەسەرا باراندن ئەمما باران (بەردبارانمان کردن)، جا بڕوانە سەرئەنجامی تاوانباران چلۆن بوو (و چییان بەسەر هات) ﴿٨٤﴾ بۆ (خەڵکی) مەدیەن برای خۆیان شوعەیبمان نارد، وتی: ئەی هۆزی من! خوا بپەرستن کە بێجگە لەو خوایێتر بۆ ئێوە نییە، بەڕاستی بەڵگەی ڕوونتان لە لای پەروەرێنەرتانەوە بۆ هاتووە، جا با تەرازووی کێشانە و پێوانەتان بەرامبەر و دارماڵ بێ و لە شتومەکی خەڵک مەدزنەوە و بە دزی لێیان کەم مەکەنەوە، لە زەویدا خراپە (ئیفساد) مەکەن، دوای ئاوەدانی و چاک بوون (ئیسلاح)ی زەوی، ئەمە بۆ ئێوە چاکترە، ئەگەر بڕوادار بن ﴿٨٥﴾ لەسەر هەر ڕێگایەک دامەنیشن کە هەڕەشە بکەن و خاوەن بڕواکان لە ڕێگای خوا بگێڕنەوە و (بە قسەی پووچ) ڕێگای ئەوان خوار و چەفت و لار نیشان بدەن، بێننەوە بیر ئەو دەمەی کە کەم بوون و ئەو (خوا) ئێوەی زۆر کرد، بڕوانن کە سەرئەنجامی تاوانباران (موفسیدان) چلۆن بووە، بە کوێ گەیشتووە ﴿٨٦﴾ ئەگەر هێندێک لە ئێوە بڕوای هێناوە بەوەی وا منی پێیڕاسپێردراوم، تایفەیەکیشتان بڕوایان پێ نەهێناوە (نابێ هۆی خۆ قەف کردنی خوانەناسان یا کز بوونی بڕواداران بێ)، تابشت بێنن تا خوا لە نێوانماندا داوەری بکا؛ هەر ئەویشە چاکترینی داوەران ﴿٨٧﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



مرۆڤە گرەگرەکانی هـۆزی (شـوعەیب)، ئەوانەی کە لە خۆیـان بـایی‌هەوا ببـوون، وتیـان: ئەی شوعەیب! بێ‌شک کە تۆ و ئەوانەی بڕوایان بە تۆ هێناوە لە شاری خۆمان دەردەکەین یـا ئەبـێ بگەڕێنەوە سەر ئایینی ئێمە، وتی: ئایا هەرچەنـد پێشـمان خـۆش‌نەبـێ؟! ﴿٨٨﴾ ئەگەر ئـێمە بگەڕێینەوە سەر ئایینی ئێوە، دوای ئەوەی خوا لەوە ڕزگاری کـردووین، بە هەقـیقەت درۆمـان بە دەم خـواوە کـردووە، شـیاو نیـیە کە ئـێمە بگەڕێیـنـەوە سـەر ئەوە، مەگەر خـوایێ کە پەروەرێنەرمانە بیەوێ، زانایی و زانستی خوا هەموو شتێکی داگرتووە، تەنیـا پـاڵپشـتمان بە خوایە، ئەی پەروەرێنەری ئێمە! گرێ‌پووچکەی نێوان ئێمە و ئەوان بە هەق بکەوە (و داوەریمان بکــە)، هەر تـــۆ چـاکترین (داوەر و) گـرێ‌کـوێرەکەرەوەی ﴿٨٩﴾ سـەرزلەکانی هـۆزی وی، خوانەناسـەکانیان، وتیـان: ئەگەر ئێـوە بە دوای شـوعەیب کەون، بەڕاسـتی لە زیـان و زەرەرلێکەوتووانن ﴿٩٠﴾ جا عەرز هەژان و بوومەلەرزەی وا بە تەوژم دایگرتن کە گشـتیان لە ماڵی خۆیاندا تیاچوون و نەمان ﴿٩١﴾ ئەوانەی کە شوعەیبیان بە درۆ خستبۆوە، (وا تیاچوون) دەتوت لەو ماڵانەدا نەبـوون، کەسـانێ کە شـوعەیبیان بە درۆ دەخسـتەوە، هەر ئەوان لە زیـان لێکەوتووان و زیانبار بوون ﴿٩٢﴾ جا ڕووی لەوان وەرسووڕاند و وتی: ئەی هۆزی من! بەڕاسـتی من ڕاسپاردەی پەروەرێنەرم بە ئێوە ڕاگەیاند و پەندم دان (و چاکەم لەگەڵدا کـردن)، جـا چـلۆن بـۆ هـۆزی خوانەنـاس خەفەت بخـۆم؟ ﴿٩٣﴾ (خـوا دەڵـێ) ئـێمە بـۆ هـیچ ئـاوایی‌یەک پێغەمبەرێکمان نەناردووە، مەگەر ئەوە کە خەڵکەکەیمان بۆ تاقی‌کردنەوە تووشی نەخۆشـی و دەستەنگی و هەژاری و سەختی کردووە تا بەڵکوو بە خۆدا بێن و بە پاڕانەوە بگەڕێنەوە ﴿٩٤﴾ لە پاشان بۆ جاری دوایی ناخۆشیمان بۆ کردنە خۆشی، تا ئەونە ڕسق و ڕۆزی و شتیان زۆر و تێر و تەسەل بوون وتیان: باووباپیرانیشـمان تووشـی نـارەحەتی و سـەختی ژیـان ببـوون، جـا ئیتـر لەناکاو بێ ئەوەی هەست پێی‌بکەن ئەوانمان گرت ﴿٩٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەگەر خەڵکی ئاوایی (و شار) بڕوایان هێنابا و خۆیان بناسیبا و خۆپارێز بان، دەروازەی پیت و بەرەکەتمان لە ئاسمان و زەوییەوە بۆ دەکردنەوە، بەڵام ئەوانە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دائەنا، جا ئێمەش لە سزای ئەو کارانە کە کردبوویان، ئەوانمان گرت ﴿٩٦﴾ ئایا خەڵکی ئەم ئاوایی و شارانە لەمە دڵنیان کە بەڵای ئێمە بە شەوا بۆیان بێ، لە حاڵێکدا لە خەوا بن ﴿٩٧﴾ ئاخۆ خەڵکی شار و ئاواییەکان لەمە دڵنیان کە بەڵای ئێمە بە ڕۆژا بۆیان بێ، لە حاڵێکدا گەمە بکەن؟ ﴿٩٨﴾ ئایا لەوە دڵنیا بوون کە لە مەکر و بەڵای خوا ڕزگارن، لە حاڵێکدا بێجگە لە زیانکاران کەس لە مەکر (و سزا)ی خوا دڵنیا نابێ ﴿٩٩﴾ ئایا ئامۆژگاری و ڕێنوێنیمان بۆ کەسانێ نەکرد کە زەوی بە میرات دەگرن، دوای (نەمان و تیاچوونی) خاوەنە پێشووەکانی (ئاخۆ نەیانزانیوە) ئەگەر بمانەوێ ئەوانەش بە هۆی گوناح و تاوانیانەوە لەناو ئەبەین و مۆریش لە دڵ و دەروونیان ئەدەین تا (دەنگی هەق) نەبیسن ﴿١٠٠﴾ ئەمانە شار و ئاواییگەلێکن کە هەواڵی ئەوانە بۆ تۆ دەگێڕینەوە، بە هەقیقەت پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەوە هاتنە لایان، (بەڵام) بڕوایان نەدەهێنا بەوەی وا لە بەرا بە درۆیان خستبوونەوە، ئا بەمجۆرە خوا دڵ و دەروونی لەدینلادەران مۆر ئەکا ﴿١٠١﴾ زۆربەی ئەوانەمان لەسەر بەڵێنییان نەدی، زۆربەی ئەوانەمان بە فاسق و تاوانبار دی ﴿١٠٢﴾ لە دواییدا بە دوای ئەواندا (واتا: پێغەمبەرانی بەرۆ) مووسامان بە نیشانەکانی خۆمان نارده لای فیرعەون و مرۆ زلەکان و هۆز و داروودەستەکەی، جا بە دژی (نیشانەکانی) ئەو وێستان و ستەمیان کرد، جا بڕوانە کە سەرئەنجامی بەدفەڕان و خراپکاران و موفسیدان چلۆن بووو چییان بەسەر هات؟ ﴿١٠٣﴾ مووسا وتی: ئەی فیرعەون! من ڕاسپاردەی پەروەردێنەری جیهانیانم ﴿١٠٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ڕەوا و شیاوە کە بێجگە لە هەق شتێ تر لە خواوە نەڵێم، بەڵگەی ڕوونم لە لایەن پەروەردێنەرتانەوە بۆ هێناون، جا بەرەی ئیسرائیلم لەگەڵدا بنێرە ﴿١٠٥﴾ (فیرعەون) وتی: ئەگەر نیشانەیەکت هێناوە بینوێنە، ئەگەر لە ڕاستبێژانی ﴿١٠٦﴾ جا عەسا (دارەدەستە)کەی فڕێدا، لەناکاو بووە ئەژدیهایەکی گەورە و ئاشکرا! ﴿١٠٧﴾ دەستی خۆیشی لە (گیرفانی) دەرهێنا، جا لەناکاو لە بەرچاوی چاودێران ڕەنگی بووە سپییەکی بێ‌خەش ﴿١٠٨﴾ زلەکانی زۆردار لە هۆزی فیرعەون، وتیان: بە هەقیقەت ئەمە جادووگەرێکی زۆرزانە ﴿١٠٩﴾ ئەیەوێ لەسەر خاکی خۆتان دەرتان بکا، بیروڕای ئێوە چییە، فەرمان بە چی دەدەن ﴿١١٠﴾ بە (فیرعەونیان) وت: لە مووسا و براکەی گەڕێ و لای خۆت گلیان بدەوە، دەستەیەکی کۆکەرەوەیش بۆ هەموو شار و ئاواییەک بنێرە ﴿١١١﴾ تا هەموو جادووگەرانی زۆرزان بێن بۆ لات ﴿١١٢﴾ جادووگەرەکان هاتنە لای فیرعەون، وتیان: ئەگەر زاڵ بووین خەڵات و مزیەکی گرینگمان بۆ هەیە (و دەبێ بماندەیێ) ﴿١١٣﴾ وتی: بەڵێ ئێوە لە نێزیکانی خۆم دەبن ﴿١١٤﴾ وتیان: ئەی مووسا! یا تۆ دەیهاوێژی یا ئێمە هاوێژەر بین! ﴿١١٥﴾ وتی: ئێوە بیهاوێژن، بیخەن؛ کاتێ کە (کەرەستەی جادووی خۆیان) هاویشت و فڕێیاندا خەڵکیان چاوبەس کرد و ترساندیان، جادوویێکی گەورەیان نواند! ﴿١١٦﴾ خستمانە دڵی مووسا کە عەسای خۆت بهاوێژە، لەناکاو (بووە مارێکی گەورە و) هەموو کەرەستەی جادووکاری ئەوانی بەلەز پێچاوە و هەڵیلووشین (و قووتی دان)! ﴿١١٧﴾ (لەو دەمەدا) هەق ئاشکرا بوو، ئەوەی سازیان دابوو پووچ بوونەوە ﴿١١٨﴾ لەوێدا تێکشکێندران و بە سووکی و چرووکی گەڕانەوە ﴿١١٩﴾ و جادووگەرەکان هەموو کەوتنە سوژدە و کڕنۆش بردن ﴿١٢٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



وتیان: بە پەروەریٚنەری جیهانیان بڕوامان هێنا ﴿١٢١﴾ پەروەریٚنەری مووسا و هاروون ﴿١٢٢﴾ فیرعەون وتی: ئایا بەر لەوەی ئیجازەتان پێ بدەم بڕواتان بەو هێنا، ئەمە فێڵ و ئاژاوەیە کە لەم شار (و دیارەدا) سازتان داوە تا خەڵکەکەی لێ وەدەر بنێن، جا لە پاشان لێتان ڕوون دەبێتەوە! ﴿١٢٣﴾ (سوێند دەخۆم) کە دەس و پێتان ڕاست و چەپ ئەبڕم، لە پاشان هەمووتان لە دار ئەدەم ﴿١٢٤﴾ (جادووگەرەکان) وتیان: (گرینگ نییە) بەڕاستی ئێمە بەرەو لای پەروەریٚنەرمان دەگەڕێینەوە ﴿١٢٥﴾ شتێ ناپەسەند لە ئێمە گیر ناهێنی بێجگە لەمە کە بە نیشانەکانی پەروەریٚنەرمان، کاتێ بۆمان هات بڕوامان هێنا، ئەی پەروەریٚنەری ئێمە! تابشت و سەبر (و خۆڕاگرتن)مان تا دوا هەناسە بەسەرا بڕێژە و بە موسڵمان بمانمرێنە ﴿١٢٦﴾ سەرگەورەکانی هۆزی فیرعەون (بەویان) وت: چلۆن تۆ لە مووسا و هۆزەکەی واز دێنی و دەس هەڵدەگری تا (ئازادانە) وڵاتت لێ بشێوێنن و خراپەی بکەن و لە خۆت و خوایانت دەس هەڵبگرن و بڕۆن، (فیرعەون) وتی: کوڕەکانیان ئەکوژم و ژن و مێیینەشیان زیندوو ڕادەگرم (تا ڕاژە و خزمەتمان بکەن)، ئێمە دەسەڵاتمان بەسەریاندا هەیە ﴿١٢٧﴾ مووسا بە هۆزی خۆی وت: لە خوا یاری بخوازن و خۆڕاگرن کە ئەم زەوییە تایبەتی خوایە، بە هەرکەس کە بیەوێ (وشیاویش بێ) پێی ئەدا، سەرئەنجامی چاک بۆ خۆپارێزانە ﴿١٢٨﴾ وتیان: بەر لەوەی بێیە لامان تووشی چەوسانەوە و زەحمەت کێشان بووین (و ئێستاش) دوای هاتنیشت دەنچەوسێنەوە دەی کەی ڕزگار ئەبین؟ مووسا وتی، هیوایە پەروەریٚنەرتان دوژمنانتان لەناو ببا و لەم زەوییەدا (کە بە مووسا بەڵێن درابوو) ئێوە جێنشینی (ئەوان) بکا، جا ئەڕوانی چلۆن دەجووڵێنەوە؟ ﴿١٢٩﴾ ئێمە نێزیکانی فیرعەون (هۆزی ئەومان) تووشی ویشکەساڵی و کەم بوونی دانەوێڵە و کەمی میوە کرد تا بەڵکوو پەند بگرن و بیر بکەنەوە ﴿١٣٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



جا (ئەوانە نە تەنیا پەندیان نەگرت، بەڵکوو) کاتێ کە چاکە (و نیعمەتیان) پـێگەیـی، وتیـان: لەبەر خۆمانە! ئەگەر تووشی بەڵا و چۆرتمە و بەسەرهاتی خراپ دەبوون، دەیانوت: لە شوومی مووسا و داروودەستەکەیەتی! ئاگادار بن کە سەرچاوەی ئەو هەموو خراپانە تەنیـا لای خـوایە و بە دەس خۆیەتی، بەڵام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿١٣١﴾ وتیان: هەر نیشانێکمان بە نیازی جـادوو لێکردن بێنی، بڕوات پێ ناهێنین! ﴿١٣٢﴾ جا ئەوسـا (بەڵا لەسـەر بەڵامـان نـاردە سـەریان) لافاو، تۆفان و کوللە و ئەسـپێ (گەنـە) و بـۆق و خـوێن کە نیشـانەگەلێکی لێـک جیـا بـوون، ناردمانە سەریان (هێمان بێدار نەبوونەوە)، بەڵام خۆیان بە زل زانی و هـۆزێکی تاوانبـار بـوون ﴿١٣٣﴾ کـاتێ بەڵایـان بەسـەردا هـات، وتیـان: ئەی مووسـا لە خـوات بـۆ ئـێمە بخـوازە بە پەیمانێـک کە لەگەڵ تـۆدا گرێـی داوە و ئەنجـامی داوە، ئەگەر ئەم بەڵایەمـان لەسـەر لابەی بڕوات پێ دێنین و تۆرەمە و بەرەی ئیسرائیلت لەگەڵـدا دەنێـرین ﴿١٣٤﴾ جا کـاتێ بەڵامـان لەسەر لادەبردن تا بەو ماوە دیاریکراوە گەیشتن و تێپەڕیـان کـرد و پەیمـان و بەڵێنـی خۆیـان دەشکاند و بەر پێیان دا ﴿١٣٥﴾ جا سەرئەنجام تۆڵەمان لێ ئەستاندن، جا خستماننە ژێر ئاو و لە دەریا نوقمان کردن و خنکان، چونکە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ ئەخستەوە و لەوە غافـڵ بوون و هەر بەلایشیەوە نەچوون ﴿١٣٦﴾ خۆرهەڵات و خۆرئاوای گۆی زەویمـان کە لەوا پیـت و بەرەکەتمان دانابوو، بەو هۆزەی کە چەوسابوونەوە و کز و بەردەست کرابوون بە میـرات بەوانـم گەیاند، بێژە بەڵێنی هەرە پیرۆز و جوانی پەروەرێـنەرت بـێ کەموکـوڕی بـۆ ڕەچەڵەک و بەرەی ئیسـرائیل بە تەواوی هـاتە جـێ، لەبەر سـەبر و خـۆڕاگرتنێ کە نیشـانیان دا، ئەوەی کە فیرعەونیان و هۆزەکەی (لە کۆشکی ڕازاوە) دروستیان دەکرد و ئەوەی لە باغی داربەسـتدار سازیان دابوو، هەمومان کوتا بەسەر یەکدا (و لەناومان برد) ﴿١٣٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دكتور سالح ئیبراهیمی



تۆرەمە و بەرەبابی ئیسرائیلمان (ساخ و بێوەی) لە دەریا تێپەڕاند، جا لە ڕێگادا بە هۆزێک گەیین کە بە دەوری بتەکانیاندا کزۆڵکەیان کردبوو (لەو دەمەیدا تۆرەمەی ئیسرائیل) بە مووسایان وت: تۆیش خودایەکمان بۆ دابنێ بەو جۆرەی ئەوانە خواگەلیان هەیە! وتی: بەڕاستی ئێوە هۆزێکی نەزان و نەفامن ﴿١٣٨﴾ بەڕاستی ئەمان (کە دەیانبینن) کردەوەکەیان کەڵکی بۆیان نابێ و ئەوەی وا دەیکەن بە فیڕۆ دەڕوا ﴿١٣٩﴾ وتی: ئایا بێجگە لە خوا خودایێتر بۆ ئێوە بخوازم، هەر ئەویش ئێوەی بەسەر جیهانیاندا بەرز و بەڕێزتر کردووە ﴿١٤٠﴾ بێننەوە بیر ڕۆژگارێ کە لە (چنگاڵی) کەسانی فیرعەون ڕزگارم کردن، ئەوانە کە شکەنجەی سەختیان ئەدان، کوڕانتانیان دەکوشت و ژن و مێیینەتانیان (بۆ خزمەتکاری) زیندوو رادەگرت، کە لەمەدا ئەزموونێکی گەورە لە لایەن خواوە بۆ ئێوە هەبوو ﴿١٤١﴾ ژوانی سی شەومان بە مووسا بەڵێن دا و دە شەوی دیکەشیمان خستە سەری، ماوەی ژوان (دیدارگە بۆ لای) پەروەردێنەری بووە چل (ڕۆژ و) شەوی تەواو، مووسا بە هاروونی برای وت: لە نێو هۆزمدا جێ نشینم بە و چاک بارهێنەر بە و بە ڕێبازی خراپاندا مەڕۆ ﴿١٤٢﴾ کاتێ مووسا بۆ دیدارگەی ئێمە هات و پەروەردێنەری قسەی لەگەڵدا کرد، وتی: ئەی پەروەردێنەری من! خۆت بە من نیشان بدە تا بتبینم! وتی: هەرگیز نامبینی، بەڵام بڕوانە ئەو کێوە، ئەگەر ئەو کەژە لە جێی خۆی ما، نەبزووت، پاشان من ئەبینی، جا کاتێ پەروەردێنەری خۆی بۆ کێفەکە دەرخست کەژەکەی لەتوپەت کرد و ئەوی لەگەڵ زەوی تەخت کرد و مووسا بێهۆش کەوت، جا کاتێ بە هۆش هاتەوە، عەرزی کرد: پاکی و بێخەوشی (لەوەی ببینرێی)، بۆ لای تۆ دەگەڕێمەوە و تۆبە دەکەم، من یەکەمین بڕوادارم ﴿١٤٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



(خوا) وتی: ئەی مووسا! تۆم بە پەیام و ئاخەفتنی خۆم لەگەڵ تۆ؛ تۆم بۆ سەر خەڵک هەڵبژارد، جا ئەوەی پێمداوی وەریبگرە و لە سپاسکەران بە ﴿١٤٤﴾ لەبارەی هەموو کار و کردەوەیەک و ئامۆژگاری بۆ گەلەکەی هەموو شتێکمان بێ‌کەم‌وکوڕی، بۆ نووسی و بۆمان خستە سەر تەتەڵان، پارچە تەختەی پانکەڵە، جا (بە مووسامان) وت: توند (تەتەڵان: تەورات) بگرە و بە هۆزت ڕایبگەیێنە تا بە زوویی خانووی خوانەناسان و فاسقانتان نیشانە ئەدەین ﴿١٤٥﴾ کەسانێ کە لە زەوی بە ناهەق خۆ بەزل ئەزانن لە نیشانەکانی خۆم لایانئەدەم، بە چەشتێک کە هەر جۆرە نیشانەیەک ببینن بڕوای پێ نەهێنن و ئەگەر ڕێگای ڕاست ببینن، پێیدا نەڕۆن و نەیکەنە ڕێگای خۆیان، ئەگەر ڕێگای خوار (و خراپ) ببینن پێیدا بڕۆن، (هەموو ئەمانە) لەبەر ئەوەیە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دەخستەوە و سەرنجیان نەدەدا و لێیان غافڵ بوون ﴿١٤٦﴾ کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمە و ڕۆژی پەسلانیان بە درۆ دائەنا و ئینکاریان دەکرد، کاری (چاکی) ئەوان بە فیڕۆ لەناو چووە، ئاخۆ بێجگە لە هەمبەر و بارتەقای ئەوەی کردوویانە سزا دەدرێن ﴿١٤٧﴾ هۆزی مووسا دوای (ڕۆیشتنی) ئەو (بۆ دیدارگە) لە خشڵی خۆیان پەیکەر و کۆتەڵی گوێرەکەیەکیان سازدا، لەشێکی بێ‌گیان و دەنگی گوێلکی هەبوو، ئایا نەیاندەدی کە قسەیان لەگەڵدا ناکا و بۆ ڕێگای ڕاست ڕێنوێنییان ناکا، کەچی ئەوەیان کردە (خوای خۆیان) و لە ستەمکاران بوون ﴿١٤٨﴾ کاتێ پێیان زانی کە سەریان لێ‌شێواوە و بە هەڵەکەیان وشیار کرانەوە و تێگەیشتن کە لاڕێن، وتیان: ئەگەر پەروەرێنەرمان ڕوحممان پێ‌نەکا و لێمان خۆش‌نەبێ، بە هەقیقەت لە زیانباران و لە زیان لێکەوتوان دەبین ﴿١٤٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

وە کاتێ مووسا بە تووڕەیی و بە دڵپڕی هاتەوە نێو هۆزی خۆی، وتی: چەند جێنشینانێکی بەدفەڕ بوون لە دوای من، (ئاییینی منتان شێواند)، ئایا لە فەرمانی پەروەرێنەرتان پەلەتان کرد؟ بۆچی ڕانەوەستان تامن دەگەڕێمەوە، تەختەکانی فڕێدا و (قژ و مووی) سەری براکەی گرت و بەرەو لای خۆی کێشا، بەرەو لای خۆی برد، ئەو (هاڕوون) وتی: کوڕی دایکم! ئەم هۆزە زۆریان بۆ هێنام و لەوانەبوو بمکوژن، جا کارێ مەکە دوژمنان پێم خۆش بن و لۆمەم بکەن و من لەگەڵ هۆزی ستەمکار دامەنێ ﴿١٥٠﴾ (موسا) وتی: ئەی پەروەرێنەری من! لە خۆم و براکەم خۆشبە و بمانخە بەر بەزەیی و ڕەحمەتی خۆت، تۆ دڵاوا و دلۆڤانترینی دلۆڤانانی و بەخشەرانی ﴿١٥١﴾ کەسانێ کە گوێلیکان کردە خوای خۆیان؛ بەر غەزەبی خوا دەکەون و لە ژیانی سەر دنیا سووک و چرووک دەبن، ئا بەمجۆرە کەسانێ کە بوختان و درۆیان بە دەم خواوە کرد سزا ئەدەین ﴿١٥٢﴾ کەسانێ کە ئاکاریان خراپ و لە دواییدا تۆبەیان کرد و بڕوایان هێنا، پەروەرێنەرت دوای ئەوە (کە تۆبەیان کرد) خوا لە تاوانیان دەبوورێ و فرە دڵلاوێنە (و لێیان خۆشدەبێ) ﴿١٥٣﴾ وە کاتێ تووڕەیی مووسا نیشتەوە، تەختەکان (تەوراتی)ی هەڵگرتەوە، لە نووسراوەکانی ئەو (تەورات)دا بۆ کەسانێ کە لە پەروەرێنەریان ئەترسن ڕێنوێنی و ڕەحمەت هەیە ﴿١٥٤﴾ مووسا لە هۆزی خۆی بۆ دیدارگەی ئێمە حەفتا مێری هەڵبژارد، کاتێ هەردهەژێن و بوولەرزەی بەتەوژم ئەوانی گرت (و لەناو چوون) وتی: ئەی پەروەرێنەری من! ئەگەر بتویستبا ئەتتوانی ئەوان و منیش بەر لەمە لەناو بەری، ئایا بەوەی کە مرۆڤە گێلەکانمان ئەنجامیان داوە (سزامان ئەدەی و) لەناومان دەبەی؟ ئەمەیش هەر ئەزموونی خۆتە کە هەرکەس بتەوێ بەوە گومڕای دەکەی و هەرکەسیش بتەوێ بۆ لای خۆت ڕێنوێنی دەکەی، تۆ سەرپەرستی ئێمەی، جا لێمان خۆشبە و ڕوحممان پێبکە، تۆ باشترینی لێبورانی ﴿١٥٥﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بۆ ئێمە لەم دنیا و لەو دنیا چاکە بنووسە (و چاکەمان لەگەڵدا بکە)، بۆ لای تۆ گەڕاوینەتەوە، (خوا) فەرمووی: سزای خۆم بە هەرکەس کە بمەوێ دەگەیینم و ڕەحمەتیشم هەمـوو شـتێکی داگرتووە، جا لە دواییدا ئەمە بۆ کەسانێ دەنووسین کە خۆ دەپارێزن و زەکات ئەدەن، کەسانێ کە بە نیشانەکانی ئێمە بڕوا دێـنن ﴿١٥٦﴾ کەسـانێ کە لەم ڕاسـپاردەی (خـوا): پێغەمـبەری نەخوێندەوار پەیڕەوی دەکەن، کەسـێ کە نیشـانەکانی لە تەورات و ئینجیلـدا نووسـراوە و لای خۆیان پەیای دەکەن، و بە چاکە فەرمانیان پێ ئەدا و لە خراپە دەیانپرینگێنێتەوە، شتی پاک و پاکژ و خاوێنیان بۆ ڕەوا دەبینێ و شتی گەمار و چڵکن و پیسیان لێ بە ناڕەوا بـۆ دادەنـێ، ئەو بارە قورسە و زنجیرانەی وا پێوەی گرفتار بوون لە سەریان لادەبا، جـا کەسـانێ کە بەو بڕوایـان هێنا و پشتیوانی و کۆمەگیان کرد، بە دوای ئەو ڕوونـاکییەدا دەچـن کە وێـڕای ئەو نێـردراوە، هەر ئەمـانەن ڕزگـارن ﴿١٥٧﴾ بڵـێ: ئەی خەڵکینـە! نـاردراوی خـوام بـۆ لای هەمووتـان، ئەو خوایەی کە موڵکایەتی و دەسەڵاتی ئاسمانەکان و زەوی، تایبەتی ئەوە، خودایێ تر بێجگە لەو نییە، (هەر ئەوە) زیندوو دەکاتەوە و دەمرێنێ، جا بـڕوا بە خـوا و ڕاسـپاردەی خـوا بێـنن، ئەو پێغەمبەرە نەخوێندەوارە، کەسێ کە بڕوای بە خوا و بە واژەکانی خوا هەیە، پەیڕەوی لێبـکەن تا ڕێنوێن ببن ﴿١٥٨﴾ لە هۆزی مووسا تاقمێ هەن کە خەڵک بۆ لای هەق ڕێنوێنی ئەکەن، بە هەق دادگەری ئەکەن ﴿١٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

ئەوانمان بە دوانزە دەستە، (دوازدە ئۆمەت) دابەش کرد، کاتێ هۆزەکەی ئـاوی خواردنەوەیان
لێ ویست، مووسامان تێگەیاند بە دارەدەستەکەی خۆت لە بەرد بدە، جا لە ناکاو دوانزە
چاوگە هەڵقولی، بە جۆرێکی وا کە هەر دەستەیەک دەراو (جێگەی ئاوخواردنەوە)ی خۆی
دەناسی، هەورمان بۆ کردنە کەپر و سابات و سەیوان بەسەریانەوە و مەن (گەزۆ) و سەلوا
(هەوێردە؛ شێلاقە، سێروو؛ ریشۆڵە)مان بۆ ناردن (و پێمان وتن) لەو رۆزییە پاکەی وا بۆم
ناردوون بخۆن (و سپاسی خوا بکەن)، (ئەمانە) غەدریان لە ئێمە نەکرد، بەڵکوو ستەمیان لە
خۆیان دەکرد ﴿١٦٠﴾ چۆن بەوان وترا کە لەم ئاواییەدا نیشتەجێ بن و لە هەرلایەک هەرچی
ویستتان لەوێ بیخۆن و بڵێن: تاوانەکانمان برێژە و لە دەروازەی (شارەوە) بە سوژدە بردنەوە
بڕۆنە ژورێ، ئێمە لە تاوانەکانتان دەبوورین و بە زوویی (پاداشی) کارچاکان زیاد دەکەین
﴿١٦١﴾ ناحەقیکارانیان ئەو قسەی پێیان ترابوو، گۆڕییانە بارێکیتر؛ ئێمەیش لەبەر ئەو
ستەمەی وا کردیان بەڵا و دەردێکمان لە ئاسمانەوە ناردە سەریان ﴿١٦٢﴾ لەوانە لەبابەت ئەو
شارەی (ئیلە) کە لە قەراخ دەریا (ی سوور) بوو بپرسە، چۆن رۆژی شەمە لە (فەرمانی خوا
چوونە دەرێ (و بە فێڵ ماسییان گرت، چون) لە رۆژی شەمەدا ماسیگەل وەسەر ئاو دەکەوتن
و ماسییان (زۆر) بۆ دەهاتە گرتن و رۆژێ کە شەمە نەبوو، دیاریان نەبوو و ماسی(یان بۆ
نەدەهاتە گرتن، ئا بەمجۆرە تاقیم کردنەوە، بەوەی کە نافەرمانییان دەکرد ﴿١٦٣﴾

کاتێ تاقمێ لەوان (بە تاقمی تریان) وت: بۆچ هۆزی (تاوانباران) پەند ئەدەن کە سەرئەنجام خوا لە ناوبەریانە یا جەزرەبەدەریانە بە عەزابێکی سەخت، وتیان: بۆ ئەوەی لای پەروەرندەتان عوزرێ بێ (بۆ ئێمە) رەنگە خۆ بپارێزین ﴿١٦٤﴾ جا کاتێ ئەو ئامۆژگارییانەیان لە بیریان چووبۆوە کەڵکیان لێ وەرنەگرتبوون، کەسانێ کە نەیاندەهێشت خەڵکی کاری خراپ بکەن و نەهیان لە خراپە دەکرد رزگارمان کردن و ئەوانەش وا ستەمیان کرد تووشی رەنج و دەردی خراپمان کردن، لەبەر ئەوەی نافەرمانییان دەکرد ﴿١٦٥﴾ جا کاتێ لە (وازهێنانی) ئەوەی نەهیان لێ کرابوو ملیان بادا، پێمان وتن: ببنە مەیمونی دووروەخراوی ئابڕووبراوی ترۆکراو ﴿١٦٦﴾ (بێنەوە بیر) کاتێ کە پەروەرێنەرت رایگەیاند تا رۆژی بەرێ کەسێکیان بەسەرا زاڵ دەکا کە هەمیشە سەخت عەزابیان بدا، پەروەرێنەرت زۆر بەپەلە سزا ئەدا، بە هەقەت خوا (سەبارەت بە تۆبەکاران) لێبور و فرە دڵلاوێنە ﴿١٦٧﴾ ئەوانمان لە زەویدا بە چەند نەتەوە دابڕدابڕ کرد، هەندێ لەوان چاک و دەستەیێتر وەک ئەوان چاک نەبوون، بە چاکە و خۆشی و خراپە و ناخۆشی تاقیمان کردنەوە تا بەڵکوو بگەڕێنەوە ﴿١٦٨﴾ جا دوای ئەوان، جێ نشینانێک بوونە جێنشینیان کە میراتگری کیتاو (تەورات) بوون، کالای ئەم دنیا پەستەیان هەڵبژارد (و گوتیان ئەگەر تاوانبار بین) لە دواییدا (لە لایەن خواوە) دەبەخشرێین، ئەگەر کالایێتر وەک ئەوەیان گیر کەوێ وەریدەگرن و (گوێ نادەنە فەرمانی خوا)، ئایا پەیمانی کتێبی (خوایان) لێ وەرنەگیراوە کە بە دەم خواوە بێجگە لە هەق، شتێتر نەڵێن، ئەوان ئەوەی کە لە کتێبدا بوو خوێندوویانەتەوە، ئەو دنیا بۆ کەسانێ کە خۆپارێز بن باشترە، جا ئایا ئەقڵتان ناخەنە کار؟ ﴿١٦٩﴾ کەسانێ کە بەم کتێبە عەمەل بکەن و نوێژ بەجێبێنن (پیاوچاکن)، ئێمە پاداشی پیاوچاکان وندا و زایە و گوم ناکەین ﴿١٧٠﴾

(بێنەوە بیر) کاتێ کێومان لەبان سەریان وەکوو سابات بەرز کردەوە، (بە جۆرێکی وا) کە گومانیان دەکرد بەسەریاندا دەکەوێ (و لەو حاڵەدا بەڵێنمان لێ وەرگرتن) ئەوەی بە ئێوەم داوە، بە توندی بیگرن و ئەوەی تێیدایە بیخەنە بیر (و عەمەلی پێبکەن)، بەڵکوو پارێزگار بن ﴿١٧١﴾ (بێنەوە بیر) زەمانی کە پەروەرێنەرت لە پشتی منداڵانی ئادەم، تیرە و بنەچەکە و زارۆڵەکانی ئەوانی بەرهەم هێنا و کردنیە شایەد لەسەر خۆیان (و فەرمووی:) ئایا من پەروەرێنەرتان نیم؟! وتیان: بەڵێ، شایەدی ئەدەین، (بۆچ وای کرد؟) بۆ ئەوەی نەوەکوو ئێوە لە ڕۆژی بەریدا بڵێن: ئێمە نەمانزانی و لەمە غافڵ بووین ﴿١٧٢﴾ یا (نەوەکوو) بڵێن: باووباپیرانمان بەر لە ئێمە هاوبەشیان بۆ خودا دانابوو و ئێمەش زارۆکی دوای ئەوان بووین (و بەڵگەی ترمان نەبوو) ئایا دەتەوێ ئێستا ئێمە لەسەر ئەوەی کارپووچان کردوویانە لەناویان بەرێ ﴿١٧٣﴾ ئا بەمجۆرە نیشانەکانی خۆمان بە جیاجیا بەیان دەکەین تا بەڵکوو بەرەو هەق بگەڕێنەوە ﴿١٧٤﴾ بۆ ئەوانە بەسەرهاتی ئەو کەسە بخوێنەوە کە نیشانەکانی خۆمان بەو (بەلعەم باعوورا زانای ناوداری جوولەکە) دا، لە دواییدا خۆی لە وان دابڕی و لە دەستووری ئەوان دەرکەوت، جا شەیتان دەسی پێگەیاند و چووە ناو جەرگەی گومڕایان ﴿١٧٥﴾ ئەگەر بمانویستبا (پلەی) ئەومان بەم نیشانانە دەبردە سەرێ، بەڵام ئەو هەر خۆی بە عەرزەوە نووساند و بە دوای ئارەزووی دڵی خۆیدا ڕۆیی، جا نەزیلەی ئەو هەروەک نەزیلەی سەگی (هارە)، ئەگەر بۆی بچی ددانەچیرەت لێدەکا و زمان دەردەکێشێ، ئەگەریش وازی لێبێنی زمان دەردێنێ، ئەمە نەزیلەی ئەو تاقمەیە کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دائەنا، جا ئەم چیرۆکەیان بۆ بگێڕەوە، بەڵکوو بیر بکەنەوە (و بێدارەوە بن) ﴿١٧٦﴾ چەند خراپە بەسەرهاتی ئەو هۆزەی کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دائەنا، بەڵام ستەمیان لە خۆیان کرد ﴿١٧٧﴾ هەرکەس خوا ڕێنوێنی بکا، هەر ئەو ڕێنوێنی کراوە، هەرکەسیش (لەبەر کردەوەیان) گومڕا بکا، جا زیان لێکەوتووانی بەڕاستی هەر ئەوانن ﴿١٧٨﴾

ئێمە زۆرێ لە جنۆکە و مرۆمان بۆ دۆزەخ خولڵقاند، بۆ ئەوان دڵگەلێ هەیە کە پێی تێناگەن، چاویان بۆ هەیە کە پێی نابینن و گوێیان بۆ هەیە کە پێی نابیسن، ئەوانە هەروەکوو ئاژەڵن، بەڵکوو لەوانیش گومڕاترن، هەر ئەمانە بێئاگا و غافڵن ﴿١٧٩﴾ هەر بۆ خوایە ڕند و پێکەوتووترین و جوانترینی ناوەکان، جا بەوانە بانگی بکەن، ئەوانەی کە بە ئانقەست ناوی خوا دەگۆڕن (هاوبەشی بۆ دائەنێن) وازیان لێبێنن، بە زوویی بە سزای کردەوەی خۆیان دەگەن ﴿١٨٠﴾ لەوانەی کە خەڵقمان کردوون، دەستەیێ خەڵک بەرەو لای هەق ڕێنوێنی دەکەن و بە حەقیش داوەری دەکەن ﴿١٨١﴾ کەسانێ کە نیشانەکانی ئێمەیان بە درۆ دانا وردەوردە لە ڕێگایەکەوە کە نایزانن تووشی سزادانیان دەکەین ﴿١٨٢﴾ بەوان ماوەیەک مۆڵەت ئەدەم، چونکە بەرنامە و نەخشەی من سەخت و پتەوە ﴿١٨٣﴾ ئایا بیر ناکەنەوە کە هاونشینەکەیان (پێغەمبەر) هیچ جۆرە شوێنەواری شێتی پێوە نییە، (جا چلۆن پێی دەڵێن شێتە؟) ئەو تەنیا ترس وەبەرهێنەر و ترسێنەرێکی ئاشکرایە ﴿١٨٤﴾ ئاخۆ ئەوان لە داموودەزگای پرشکۆی ئاسمانەکان و زەوی و هەر شتێک کە خوا خەڵقی کردووە ناڕوانن؟ (تا پەند بگرن)، لەوانەیە بەم نیزیکانە بمرن، جا بە چ قسەیەک دوای ئەو (قورئان) بڕوا دێنن؟ ﴿١٨٥﴾ هەرکەس خوا ڕێی لێبگۆڕێ هیچ ڕێنیشاندەرێکی دەس ناکەوێ، خوا واز لەوانە دێنێ با هەر لە ملبادانی خۆیاندا گێژ بخۆن ﴿١٨٦﴾ لەبابەت ڕۆژی بەرێوە لێت دەپرسن کە کەی دێ؟ بڵێ: زانستی ئەوە لای پەروەرێنەرمە، هیچ کەس بێجگە لەو (نازانێ) کاتی ئەوە دیاری بکا، ڕۆژی پەسلان لە وەختی دیاریکراوی خۆیدا دێ، هەڵێنانی بۆ ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویشدان قورسە، نایەتە سەرتان مەگەر لە ناکاو، لە تۆ دەپرسن وەک ئەوە تۆ لە هاتنی ئەو ڕۆژە ئاگاداری، بڵێ: زانستی تەنیا لای خوایە، بەڵام زۆربەی خەڵک نازانن ﴿١٨٧﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



بڵێ: من خاوەنی سوود و زیانی خۆم نیم، مەگەر ئەوەی وا خـوا بـیەوێ، ئەگەر نادیـارم زانیبـا سوودی (ماڵی) زۆرم بـۆ خـۆم بە دەس دێنـا و هـیچ خـراپە (و زیـان)ێکم پـێ نەدەگەیـی، مـن کەسێک نیم بێجگە لە ترسێنەر و مزگێنیدەر بۆ هۆزێ کە بـڕوا دێـنن ﴿١٨٨﴾ ئەو خـوایە کە ئێـوەی لە یەک کەس (پرۆتـۆن) بەدیهێنـاوە و ژنەکەشـی هەر لە مـاکی ئەو سـازی دا (ئەلەکترۆن، کە پاژی ئەرێ و نەرێی ئەتۆمن) تا لای ئەو بحەسێتەوە (ئارام بگرێ)، جا کـاتێ ئادەم دەسی لەگەڵ (دایکەحەوا) تێکەڵ کرد بارێ سـووکی هەڵگـرت (دووگیـان بـوو)، پێـوەی دەگەڕا و کـاری ڕۆژانەی پێـوە دەکـرد، کە هەسـتی بە قـورسبـوون کـرد هەردوو لە خـوا، پەروەرێـنەری خۆیـان پـاڕانەوە: ئەگەر منـاڵی (نێـرینەی) چاکمـان پـێ بـدەن حەتـمەن لە شوکرانەبژێران ئەبین ﴿١٨٩﴾ جـا کـاتێ منـاڵی چـاکی پێـدان، لەوەی کە خـودا پێـی دابـوون، هاوبەشگەلێکیان بۆ خوا دانا، جا خوا لەوە بانترە کە هاوبەشی بـۆ دادەنـێن ﴿١٩٠﴾ ئایا ئەو شـتانە ئەکەنە هاوبەشـی خـوا کە شـتێ بەدینـاهێنن و خۆیـان بەدیهـاتوون ﴿١٩١﴾ نـاتوانن کۆمەگیـان بـکەن و ناشـتوانن بە خۆشـیان یـارمەتی بگەیێـنن ﴿١٩٢﴾ ئەگەر ئەوانە بتپەرستەکان بۆ ڕێگای ڕاست بانگ بکەن، بە دوای ئێـوە نـاکەون، بـۆ ئێـوە هەروەک یەکە چ بانگیان بـکەن، چ بێـدەنگ بـن (و بانگیـان نەکەن) ﴿١٩٣﴾ ئەوانەی لە جیـاتی خـوا بانگیـان دەکەن (و دەیانپەرسـتن)، عەبـدگەلێکن وەک خۆتـان، جـا ئەوانە بانـگ بـکەن، بـا ئەوانـیش وەڵامتان بدەنەوە (و ویستەکەتان بەجێ بێنن)، ئەگەر ڕاستبێژن ﴿١٩٤﴾ ئایا ئەوان (لانـیکەم وەکوو خۆتان) پێیان هەیە کە پێی بڕۆن؟ یا دەستیان هەیە کە بەرزی کەنەوە و شتی پـێ بگـرن (و بە قودرەت کاری پێ ئەنجام بدەن؟) یا چاویان هەیە کە پێی بینن؟ یا گوێیان هەیە کە پێـی ببیسن! بڵێ: (ئێستا کەوایە) ئەم بتانە کە کردووتـانەتە هـاوبەش (بـۆ خـوا) بانگیـان بـکەن و ئەوسا داوی فێڵم بۆ بنێنەوە، جا دەمێک مۆڵەتم مەدەن (تا بزانن کە هیچیـان لە دەس نـایێ) ﴿١٩٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

گەورە و پشتیوانی مـن هەر خـوایە، ئەوەی کە ئەم کتێـبەی نـاردۆتە خـوارێ، هەر بۆخۆیشـی سەرپەرستی و پشتیوانی هەموو چاکـان دەکـا ﴿١٩٦﴾ ئەوانەی بـێجگە لە خـوا هاواریـان بـۆ دەبەن ناتوانن یارمەتییان بدەن، (تەنانەت) ناتوانن کۆمەگێ بە خۆشیان بـکەن ﴿١٩٧﴾ ئەگەر ئەوان بۆ ڕێنوێنی بخوازن (قسەکانتان) نابیسن، ئەوانە دەبینی کە بە تۆ دەڕوانن، بەڵام نـابینن ﴿١٩٨﴾ چاوپۆشی و لێبوردن بگرە پێش و بە چاکە و چاکەکردن فەرمان بـدە (و خەڵـک بانـگ بکە بۆ چاکە)، لە نەزانان و نەفامان واز بێنە ﴿١٩٩﴾ هەر وەختێکیش خەیاڵاتێکی خراپـت لە شەیتانەوە بە دڵدا هات، پەنا بەرە بەر خوا، ئەو بیسەر و پڕ زانایە ﴿٢٠٠﴾ ئەوانەی کە خۆیـان پاراستووە، کاتێ خەیالاتێک لە شەیتان پێیان بگا، ئەکەونە یادی (خوا و لە سـوێنکەی یـادی خـواوە ڕێگـای هەق ئەدۆزنەوە)، جـا لەو دەمەدا چاویـان دەکـرێتەوە و بینـا ئەبـن ﴿٢٠١﴾ براکانیان (شەیتانەکان) ئەوانە (خوانەناسان) بەرەو گومڕایی دەکێشن و لە دواییشـدا کۆتـایی ناکەن ﴿٢٠٢﴾ هەرکاتێ نیشانەیەکیان بۆ نەهێنی و نیشان نـادەی، دەڵـێن: بـۆچ خـۆت (لەبەر خـۆتەوە) ئەوەت هەڵنەبـژارد، بڵـێ: مـن تەنیـا پەیـڕەوی لە شـتێ ئەکەم کە لە لایەن پەروەرێـنەرمەوە بـۆم دێ، ئەمە هـۆی بینـاییـیە لە لای پەروەرێنەرتـانەوەو هـۆی ڕێنـوێنی و ڕەحمەتە بۆ هۆزێ کە بڕوا دێنن ﴿٢٠٣﴾ کاتێ قورئان دەخوێندرێ، گوێی بدەنێ و بێدەنگ بن، ڕەنگە بکەونە بەر ڕەحمەتی خوا ﴿٢٠٤﴾ لە دڵتدا بە گریان و زاری و تـرس (و بە نهێنـی و بـێ دەنگ بەرزکردنەوە، لە بەرەبەیانان و لە دەمادەمی شێواندا پەروەرێـنەری خـۆت یـاد بـکە، لە غافڵان مەبە ﴿٢٠٥﴾ کەسانێ کە لای پەروەرێنەرتن و لەو نێزیکن لە پەرسـتنی ئەو خـۆ بە زل نازانن و پاک و بێخەوشی خوا دەڵێن، هەر بۆ خوایش سوژدە و کڕنۆش دەبەن ﴿٢٠٦﴾